# بەڵێ. دووی ڕێبەندان جەژنی کوردانە

نەوزاد وەلـی

کۆماری دیموکراتی کوردستان، ئەوەی کە هەندێك کەس لـە نەزانینەوە و هەندێکیش لـە ناحەزییەوە ناوی ئەبەن بە کۆماری مهاباد، لـەم ساڵانەی دواییدا بووەتە مایەی لـێکۆڵـینەوە و توێژینەوەیەکی زۆر و هەوڵـدان بۆ ساغکردنەوەی ڕاستییەکان و ئاشکراکردنی نهێنییەکان و کەڵێنەکانی کۆمار و بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو سەردەمە، کە ئەوەش شتێکی باشە و مایەی دڵخۆشییە، بەڵام ئەوەی لـێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە کەسانێکی کورد، بە پێچەوانەی هەموو ڕاستییەکانەوە ئەیانەوێ لـە پایە و پیرۆزیی کۆماری دیموکراتی کوردستان کەم بکەنەوە.

هەندێك لـەوانە بە تاوانبارکردنی پێشەوا و سەرانی کۆمارەوە ناوەستن کە بە ترسنۆك و خۆبەدەستەوەدەر ناویان ئەبەن! تەنانەت تەواوی پرۆسێسەکەش ئەخەنە ژێر باری گرانی گومانەوە!.

هەندێکی تریان لایان وایە کە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەرفەتەکە لـەو ئاستەدا نەبووە کە شایانی دروستکردنی حکومەت و هەڵکردنی ئاڵا بێت!.

بەشێکی تریان لایان وایە کە تەواوی ئەو پرۆسێسە دەستکردی بێگانە بوو (سۆڤیەت)، بۆیە بە کشانەوەی سۆڤیەتیش لـە ناوچەکە، کۆماری دیموکراتیش لـەناوچوو!.

هەندێك لـەم بیر و بۆچوونانە کەم یان زۆر ڕاستییان تیادا دەرئەکەوێت و باسەکەش ئەوەندە گرنگە کە جێی لـێکۆڵـینەوەی زانستییانە و ئاکادێمییانەیە، بەڵام ئەوەی کە مایەی بێزارییە و هیچ بنەمایەکی زانستییانەی نیە، ئەو قسە و قسەڵۆکانەن کە کەسانێکی بەناو مارکسیی و کۆمونیست، بەناوی چینایەتی و ڕەخنەوە، سوکایەتی ئەکەن بە کۆمار و پێشەوا قازی و سەرانی کۆمار و حیزبی دیموکرات و کۆمەڵـەی ژێکاف و گاڵتەجاڕیی ئەکەن بە گەورەترین و پیرۆزترین دەستکەوتی نەتەوایەتیمان لـە مێژووماندا!.

من لام وایە کە ئەو کەسانە بەو جۆرە قسە و قسەڵۆکە بێ بنەمایانە، نەك هەر ڕق و قینی کۆمەڵانی خەڵکی کورد پتەو ئەکەن دژ بە خۆیان و قسە و قسەڵۆکەکانیان، بەڵکوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردیش ئەکەن بە دوژمنی مارکسیزم و کۆمونیزم! بەداخەوە زۆر جار لـەوە ئەچێت کە ئەو جۆرە کەسانە زیاتر ئەمەیان مەبەست بێت وەك لـە شتێکی تر!.

لـە مامەڵـەکردن لـەگەڵ مێژوودا، تاوان ئەوەیە کە مرۆڤ بە چاوی ئەمڕۆ و بە ئاستی (خوێنەواریی) و ڕۆشنبیریی ئەمڕۆوە، ڕووداو و بەسەرهات و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییە مێژووییەکان هەڵبسەنگێنێت.

برادەرێك لـەم (سایت)ـەدا (کوردستان نیت) بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە و وەك باسم کرد، ئەویش دووپاتی ئەو بۆچوونە (شێواوە) چینایەتییە ئەکاتەوە و بەڵگەش لـە کتێبەکانی قاسملووی نەمر و وتاری کاک مستەفا هیجری

ئەهێنێتەوە.

لای وایە کە ئەگەر نەمر قاسملوو یان کاك مستەفا ڕەخنەیان لـەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە هەبێت، یان تەنانەت ڕەخنەیان لـە خودی پێشەواش هەبێت، ئیتر ئەوە جێی گفتوگۆ نیە و پێشەوا و کۆمار هەڵـە بوون!.

لـە کاتێکدا خوێنەران و جەماوەری کورد ئەو ڕاستییە ئەزانن کە ئەو بەرێزانە بە چاوی ڕێز و وەفادارییەوە و لـەپێناوی سود وەرگرتندا و بە شێوەیەکی زانستییانە سەیری پرۆسێسەکە ئەکەن، بەڵام ئەم برادەرە سوکایەتی ئەکات بە کۆمار و پێشەوا قازی و سەرکردەکان و جوتە شاعیری بەناوبانگی کۆمار و گەل، هێمن و هەژار!!.

کاك ڕەحمان حسین زادە لـەوەش زیاتر ئەڕوات و لای وایە کە پێشەوای نەمر (قازی زادە) و یان وەك خۆی ئەڵێت (فیۆداڵ)، واتە دەرەبەگ و ئاغا بووە، بۆیە ئەوە بە کەموکورتیی ئەزانێت و بە چەوسێنەری ئەژمێرێت و گوایە داکۆکیی لـە چەوسێنەران کردووە نەك نەتەوەی کورد و چەوساوەکانی و کوردایەتی!!!

لای وایە کە تەواوی کۆمار و ئەو هەموو قوربانییانە و ئەو مێژووە پڕ شانازیی و سەروەرییە، هەمووی پڕوپاگەندەی سیاسی حیزبی دیموکرات و (ناسیۆنالیستە) کوردەکانە!!!.

کورد ئەڵێت: مانگەشەو هەر لـە ئێوارەوە دیارە. . ئەم برادەرەش بە دەربڕینەکانیدا دیارە کە ستالـینییانە ئەڕوانێتە باسەکان، ئەگینا چۆن مافی کوردایەتی و نەتەوایەتی لـە مرۆڤێکی وەك پێشەوای نەمر ئەسەنێتەوە! تەنیا لـەبەرئەوەی کە چەوساوە نەبووە!!! یان کەسانێکی وەك هێمنی نەمر و هەژار!!!

ئەی ئەبێ چی بڵێت بە شێخ عوبەیدوڵا، میقداد بەدرخان، شێخ عەبدولسەلامی بارزانیی، شێخ سەعیدی پیران، ئیحسان نوری پاشا، شێخ مەحمود، مستەفا بارزانیی، ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، یاملکی، پیرەمێرد، سەجادی و سەدانی تر کە ڕۆڵی خۆیان بینیوە لـە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگای کورددا!.

لـەو باوەڕەدام ئەگەر ڕەگەزنامەی کوردستانیی و مۆرکی کوردایەتییان لـێ نەسەنێتەوە، ئەوا هەر بە دەرەبەگ و چەوسێنەر و کوڕە شێخ و ئاغا ناویان ئەبات و بێبەرییان ئەکات لـە خەبات لـە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیاندا!

بەڕاستیی سەیرە. . لـەم چەرخەدا و کورد هەبێت بەو شێوەیە بیربکاتەوە و لای وابێت کە ئەوەی کرێکار و چەوساوە نەبێت ئیتر دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەی نیە! لـە کاتێکدا کە بیروباوەڕ و دڵسۆزیی بۆ گەل و نیشتمان زادەی مێشکن نەك گیرفان! پەیوەندن بە هۆش و دەرون و سۆز و ڕەوشتی مرۆڤەوە.

(ئارماند هامەر)ی میلیاردێری ئەمریکایی، لـە سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا سێ میلیارد دۆلاری بە یارمەتی و دیاریی دا بە لـینینی دۆستی و سۆڤیەتەکەی، شارلـی شاپلنی نەمر لـە ژیانیدا سیوپێنج میلیۆن پاوەنی داوە بە هەژارانی بریتانیای وڵاتەکەی و ئەمریکا، بەڵام لـە هەمان کاتدا میلیۆنان کوڕە جوتیار و کرێکاری بریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و وڵاتانی دەوروبەری سۆڤیەت لـە سوپاکانی ئەو وڵاتانەدا بەربەرەکانێی سۆڤیەت و چەوساوەکانی ئەو وڵاتەیان ئەکرد.

پێشەوای نەمر هەر وەك تەواوی سەرکردەکانی جوڵانەوەکانی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کورد و کوردستان، لـە خێزانێکی دارا و دەوڵـەمەند بوو، لـەوانەیە هەندێك جار کەوتبنە ژێر کاریگەریی چینایەتییەوە، یان دەورووپشت

زۆریان بۆ هێنابن، بەڵام ئەوە تۆزقاڵێك لە دڵسۆزییان كەم ناكاتەوە بۆ كورد و كوردستانەكەیان.

پێشەوای (دارا و دەوڵەمەند و بۆرجوا) نەك هەر بەرەو ڕووی دوژمنان وەستا، بەڵكوو ئەم ئەوانی دادگایی ئەكرد و لە ناو دادگای خۆیاندا و سەرەنجام لەسێدارەش درا لەگەڵ هاوڕێكانیدا و سەری شۆڕ نەكرد بۆ دوژمنانی كورد، بەڵام نمونەی (عۆجە لان)یشمان هەیە كە كوڕە جوتیار و چەوساوە بوو، هەر لە كاتی دەستگیركردنیدا لەناو فڕۆكەكەدا بە سەربازە توركە فاشستەكانی وت: برایان منیش دایكم توركە!

كەواتە هەڵكەوتەی چینایەتی و كۆمەڵایەتی پێوەر نیە بۆ دڵسۆزیی بۆ نەتەوە و نیشتمان و بیروباوەڕ.

ئەگەر وەك ئەو كەسانە ئەڵێن پێشەوا و سەركردەكانی كۆماری دیموكراتی كوردستان چەوسێنەر بوون! خۆ ئەیانتوانی بە ئاسانیی و بێ كێشە، هاوكار و هاوڕێی فارس و پەهلەوییەكان بوونایە و پلە و پایەی بڵندیشیان ئەبوو لە دەوڵەتی پەهلەوییدا و هەر بەردەوامیش ئەبوون لە چەوساندنەوەدا، بەڵام مێژوو سەلماندی كە پێشەواو و یارانی بەرژەوەندی گەلەكەیان (بە هەموو چینەكانیەوە) نەگۆڕیەوە بە كورسی و عەرشی پەهلەویی و ژیانیان بەخشی بەو نەتەوەیەی كە كاك ڕەحمانی هێناوەتە دنیاوە و ئەمڕۆ سوكایەتییان پێ ئەكات!.

ئەو ڕاستییە تاڵەی كە هەرس ناكرێت لەلایەن هەندێك لە بەناو ماركسیی و كۆمونیستە كوردەكانەوە كە خۆیان بە هاونیشتمانیی وڵاتانی داگیركەری كوردستان ئەزانن، ئەوەیە كە كۆمەڵگای كوردستان بە هۆی سەدان ساڵ چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بارودۆخی داگیركراویی و ئایین و كلتور و داب و نەریتی داگیركەران و سەپاندنیان بەسەر گەلی كورددا، هێشتا هەر كۆمەڵگایەكی دواكەوتووە و كەم یان زۆر سیستمی عەشایەریی و دەرەبەگیی زاڵە بەسەریدا.

هەر بۆیە سەیریش نیە كە سەركردەكانی جوڵانەوە هەمەجۆرە سیاسی و كۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینییەكانیش هەر لەو چین و توێژانەوە سەرهەڵئەدەن.

بێگومان تا ڕادەیەك لەبەرئەوەیە كە ئەوان ئەو دەرفەتە كۆمەڵایەتی و ئابورییەیان بۆ هەڵئەكەوێت كە (خوێنەوار) و ڕۆشنبیر بن، بەڵام هەمان دەرفەت بۆ كوڕە جوتیار و شوانێك كەمترە، یان هەر نیە، بەڵام ئایا ئەمە ڕێگا ئەگرێت لە خەباتكردن بۆ گەل و نیشتمان؟؟؟.

ئەوەتا لەگەڵ ئەوەشدا كە لەم چەندان ساڵەی ڕابوردوودا ئاستی خوێنەواریی و ڕۆشنبیریی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بەرز بووەتەوە، بەڵام تا ئێستاش مەڵبەندی بڕیار لە دەست عەشیرەتەكاندایە و سەركردایەتییان بە پشتاوپشت بۆ ئەمێنێتەوە لە باوك و برا و مام و خەزورەوە! تەنانەت كەسانێكیش هەن لە سەركردایەتی حیزبە (كۆمونیستەكان)ی خۆماندا كە كوڕە شێخ و ئاغازادەن، بەڵام كەس گومان ناكات لە دڵسۆزییان بۆ بیروباوەڕەكەی خۆیان، كەچی لە هەمان كاتدا كەسێكی وەك ئەم برادەرە پێشەوای نەمر و سەركردە نەمرەكانی كورد بێبەریی ئەكات لە نەتەوەكەیان و كوردایەتی! هەر لەبەرئەوەی شێخ و قازی و ئاغازادە بوون! یان هێمن و هەژار، هەر وەك پاشكۆ ناویان ئەبات و ئەڵێ شاعیری بارەگا بوون!.

خۆ ئەكرێت بەو جۆرە كۆمونیستە كوردانەش بوترێت ئەوانە فارسن و ئێرانیین، بەڵام بڕوا ناكەم كوردێكی سیاسی

هەبێت وایان پێ بڵێت.

ئەوەتا کاك ڕەحمان کە ناوی مانگی ڕێبەندان ئەنوسێت، وەك شتێکی سەیر و سەمەرە ئەیخاتە ناو جوتە کەوانەوە و لە پێشیشیەوە بەهەمەنە فارسییەکەی بۆ دائەنێت، تەنانەت باوەڕی بە ناوی مانگە کوردییەکانیش نیە!

ئازادیی گەل بەند نیە بە چینایەتییەوە و کێ سەرکردایەتی گەل و دەوڵەت ئەکات و ئەیبات بەڕێوە. . .

بەڕاستیی سەیرە کە کەسانێك بەو شێوەیە لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم تێئەگەن! ئەگەر بە پێوەری ئەو جۆرە کەسانە بێت، ئەبێ ئازادیی و سەربەخۆیی لە هەموو گەلان و دەوڵەتانی دنیا بسەنرێتەوە، چونکە لە دنیادا تەنیا گەلێك نیە کە چینە چەوساوەکەی ئازادیی و سەربەخۆیی بۆ بەدەستهێنابێت و قەوارەی سیاسی بۆ دروستکردبێت و سنوری نیشتمانی کێشابێت.

کۆمونیستی ڕاست ئەو کەسەیە کە دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆیەتی و دەروێشیی ناکات بۆ نەتەوەی داگیرکەری نیشتمانەکەی، بەرژەوەندەکانی گەلەکەی خۆی (بە هەموو چین و توێژەکانەوە) و نیشتمانەکەی، پێش هەموو بەرژەوەندێکی تر ئەخات.

ئەگەر مرۆڤێك گەل و نیشتمانەکەی خۆی ئازاد نەبێت و هەوڵی بۆ نەدات! ئەی چۆن ئەتوانێت لە هەمان کاتدا هەوڵی ئازادبوونی چینێکی گەلێکی تر بدات!!! کام تاقیکردنەوە لە مێژوودا ئەو ڕاستییەی سەلماندووە؟ یان تا کوێ بڕی کردووە و ئاکامەکەی چی بووە؟

داگیرکەرانی کوردستان هیچ پێوەرێکیان نیە بۆ جیاکردنەوەی چین و توێژەکانی گەلەکەمان، چەوساوە و چەوسێنەر، کرێکار و سەرمایەدار، جوتیار و ئاغا و دەرەبەگ وەك یەك سەیر ئەکەن و بۆ ئەوان ئەمانە هەموویان یەك چینن و ((کـــوردن)) و یەك یاسای ((جـیـــنـۆسـایـد)) ئەیانگرێتەوە! وەك کورد ئەڵێت: بە بەفر بێ و بە باران، هەر لە زستان کەم ئەبێتەوە. . بۆ ئەوانیش: لە کورددا، شا بێت و گەدا بێت لەناوبچێت، هەر لە کورد کەم ئەبێتەوە. بە داخەوە. . کەسانێك هەن کە خۆیان بەسەر کۆمونیزمدا ئەقەبڵێنن، ئەم ڕاستییە فەرامۆش ئەکەن و لەگەڵ هەموو کارەساتە مێژووییەکانیشدا بەرامبەر بە کورد (بە هەموو توێژ و چینەکانەوە)، وا ئەزانن کە تا کرێکارانی نەتەوە داگیرکەرەکە ئازاد نەبن، ئەوا ئێمەش ئازاد نابین!!!.

ئەم گاڵتەجاڕییە هەر وەك ئەوە وایە کە بڵێن خەڵکینە (قیروسیا) با ئێمە بچەوسێینەوە، بەڵام با کرێکارانی گەلانی داگیرکەری نیشتمانمان ئازاد بن، کە ئەوان دەسەڵاتیان گرتەدەست ئەوسا (شتێك)مان بۆ ئەکەن!!.

هەروەك بڵێی زۆریان بۆ گەلانی سۆڤیەت و یوگوسلاڤیا و بالکان و وڵاتە کۆنەسۆشیالیستەکان کرد!.

خۆمان حاڵمان زۆر خۆشە تا نمونەی ستالین و ماو و کیم ئیل سۆنگ و کاسترۆمان بۆ پەیدا ببێت! مەگەر ئەو کاتە ئێمەش وەك ئەو گەلانە بڵێین هەزار ڕەحمەت لە کفندز.

ئەو جۆرە کەسانە خۆیان لەو ڕاستییە مێژووییە کەڕ ئەکەن کە تا ئێستا لە مێژوودا تەنیا کرێکارێك بۆ کاژێرێکیش دەسەڵاتی سیاسی نەبووە، کەچی بە ناڕەواش ئەو دیکتاتۆرییە بەدناوەیان پێوەلکاندووە (دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا) و بە خۆڕایی کرێکاریان ناوزڕاو کردووە، کرێکاری کلۆڵیش فڕی بەسەریانەوە نەبووە و نیە!

بە هەرحاڵ. . کورد بە گۆترە ناڵێت: تا ماڵ وەستا بێت، مزگەوت حەرامە.

لە کۆتاییدا ئەڵێم کە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا کاتێك کە کۆمونیستە عەرەبە عێراقییەکان ئەگیران لەلایەن بەعسییە فاشستەکانەوە، زۆر جار تەنیا مەرجێك بۆ ئازادبوونیان ئەوە بوو کە سوکایەتی بکەن بە بارزانیی و شۆڕش، بەڵام تەنیا کۆمونیستێکی عەرەب ئەوەی نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە سەدان جیاوازیی سیاسی و فیکریی و چینایەتییان لەگەڵ پارتی و شۆڕشدا هەبوو.

ئەوەی کە جێی داخ و نیگەرانییە، ئەوەیە کە ئەمڕۆ کەسانێکی کورد کە بانگەشە ئەکەن بۆ ئازادیی و یەکسانیی و کۆمۆنیزم و کرێکاریی و چەندان زاراوەی تری لەو جۆرانە، ئەوا بەبێ مەرج و (تەکلیف)، پاش تێپەڕبوونی 56 ساڵ، سوکایەتی ئەکەن بە گەورەترین و پیرۆزترین دەستکەوتی نەتەوایەتیمان و سەرکردە و شاعیرانی گەورەترین گەلــی بەشخوراوی ئەم سەرزەمینە!!!.

بەڕاستیی ئەمە دڵ و دەرون و ویژدانێکی بەردینە و ستالینییانەی ئەوێت و ئازاردان و (چەوساندنەوەی) هەستی نەتەوایەتی سی چل میلیۆن مرۆڤی بەشخوراو، کارێکی ئاسان نیە و بە هەموو کەسێك ناکرێت!.